# شیکردنەوەی ئاماریی بۆ کاریگەری ئاووهەوا لەسەر نەخۆشییە دەروونییەکانی(خەمۆکی و شیزۆفرینیا)لەشاری سلێمانی

**بوشرا قادر کریم زەنگەنە**

بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ،زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان.

**ئیمەیڵ:** bushra.kareem@univsul.edu.iq

**پوختە:**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بۆ دەرخستنی کاریگەری ئاووهەوا لەسەر نەخۆشییە دەرونییەکانی خەمۆکی و شیزۆفرینیا، بە پشت بەستن بە داتا ئاووهەواییە تۆمارکراوەکانی ویستگەی کەشناسی سلێمانی(٢٠٠٩-٢٠١٩)، لەگەڵ داتای نەخۆشییە دەرونییەکان لە شاری سلێمانی(٢٠٠٩-٢٠١٩). بە بەکارهێنانی بەرنامەی SPSS-14 شیکردنەوەی ئاماریمان ئەنجامداوە و گەیشتوین بەوەی هۆکارە ئاووهەواییەکان بەڕێژەی(81,3%) کاریگەرییان هەیە لەسەر نەخۆشییەکانی خەمۆکی و شیزۆفرینیا، پاشان هۆکارەکان بە پێی پلەی پەیوەندییان لەگەڵ نەخۆشییەکان دابەشکراون بۆ هۆکارە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکان، بە پێی هاوکۆلکەی دیاریکراو پلەی کاریگەری هۆکارە ئاووهەواییەکان دیاریکراوە. لەمەوە دەردەکەوێت لە هۆکارە پۆزەتیڤەکاندا پلەی گەرمیی بە ڕێژەی(33,7%) کاریگەری لەسەر خەمۆکی هەیە، تیشکی خۆری ڕاستەقینە بە ڕێژەی (15,7%) کاریگەری لەسەر شیزۆفرینیا هەیە، لە هۆکارە نێگەتیڤەکاندا باران بە پلەی یەکەم دێت(43,5%) کاریگەری لەسەر خەمۆکی هەیە، هەور لەسەر شیزۆفرینیا(21,3%).

**کلیلە وشەکان:** خەمۆکی، شیزۆفرینیا، پلەی گەرمیی، باران، SPSS.

## پێشەکی:

ئاووهەوای پراکتیکی ئەو زانستەیە بایەخ دەدات بە مەودای کاریگەری ڕەگەزە ئاووهەواییەکان لەسەر مرۆڤ، لەوانەش بواری تەندروستی، بۆیە یەکێک لە لقەکانی ئەم زانستە پێی دەوترێت ئاووهەوای پزیشکی. هەر لەسەدەی چوارەمی پێش زاینەوە ئەم پەیوەندییەی نێوان زانستی جوگرافیا و بواری پزیشکی هاتۆتە ئاراوە کە زانای یۆنانی هیپۆقرات باس لە گۆڕانکارییە وەرزییەکانی هەندێ نەخۆشی کردووە و بۆی دەرکەوتووە ئەو ناوچانەی گۆڕانی زۆر لەپلەی گەرمیدا ڕونادات زیاتر تەندروستن بۆ مرۆڤ. (أحمد، ٢٠١٩، ل١). لەم توێژینەوەیەدا باری دەروونی مرۆڤ وەرگیراوە ، دەروونی مرۆڤ توشی شڵەژان و تێکچوون دەبێت هەر وەک بەشەکانی تری جەستەی، هۆکاری ئەم شڵەژان و تێکچوونە جۆراو جۆرن، دەتوانین بڵێین تێکچوون و شڵەژانی دەروونی بریتییە لە نەبوونی توانای خۆگونجاندن و زاڵبوون بەسەر کۆسپ و تەگەرەکانی دەوروبەر و تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. (قەرەچەتانی،٢٠٠٦، ل٣٨٨). بۆگەیشتن بە ئەنجام توێژەر پشتی بەستووە بەم هەنگاوە زانستیانەی خوارەوە:

**یەکەم: کێشەی توێژینەوە:** کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە (ئاووهەوا کاریگەریی هەیە لەسەر نەخۆشییە دەروونییەکانی خەمۆکی و شیزۆفرینیا) ، ئەمیش چەند خاڵێکی لاوەکی لێدەبێتەوە لەوانە:

1-ئایا نەخۆشییە دەروونییەکانی خەمۆکی و شیزۆفرینیا کاریگەربووە بە ڕەگەزە ئاووهەواییەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا ؟ ئەگەر کاریگەر بووە پلەی کاریگەرییەکەی چەندە ؟

2-نەخۆشییە دەروونییەکانی خەمۆکی و شیزۆفرینیا پەیوەندییان بە جیاوازیی کاتی ڕەگەزە ئاووهەواییەکانەوە هەیە؟

3-لە رەگەزە ئاووهەواییەکاندا، چ ڕەگەزێک زۆرترین کاریگەریی هەبووە لەسەر نەخۆشی خەمۆکی و شیزۆفرینیا ؟ پلە و هێز و ئاڕاستەی هۆکاری کاریگەر چەندە ؟

**دووەم: گریمانەی توێژینەوە:** گریمانەی توێژینەوەکە بریتییە لە:

1-ڕەگەزە ئاووهەواییەکان لە لە کاتیکەوە بۆ کاتێکی تر، کاریگەریی جیاوازییان هەیە لەسەر نەخۆشی خەمۆکی و شیزۆفرینیا.

2-پلەی گەرمیی و باران زۆرترین کاریگەری هەیە لەسەر نەخۆشی خەمۆکی و شیزۆفرینیا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

**سێیەم :ئامانجی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا پشت بەستراوە بە بارودۆخی ئاووهەوایی ناوچەی توێژینەوە و کاریگەریی لەسەر نەخۆشییە دەروونییەکانی خەمۆکی و شیزۆفرینیا ، ئامانجمان هەڵسەنگاندنێکی وردە بۆ دیارکردنی پلە و کاریگەری ڕەگەزە ئاووهەواییەکان لەسەر ئەم نەخۆشیە دەرونیانە ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەم دوو جۆرە لە نەخۆشییە دەروونییە تۆمارکراوەکاندا بەرزترین ڕێژەی ژمارەی نەخۆشە دەروونییەکان پێکدێنن و ئامانجمان دەرخستنی پەیوەندی و پلەی کاریگەری گۆڕانکارییە ئاووهەواییە وەرزییەکانە لەگەڵ ئەم نەخۆشیانەدا.

**چوارەم: ڕێبازی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا پشت بەستراوە بە میتۆدی وەسفی، بۆ وەسفکردنی پەیوەندی نێوان ڕەگەزە ئاووهەواییەکان و نەخۆشی خەمۆکی و شیزۆفرینیا، لەگەڵ میتۆدی شیکاریی چەندێتی بەپشت بەستن بە ئەنجامە ئامارییەکانی هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن ،بۆ زانینی پلەی پەیوەندی نێوان ڕەگەزە ئاووهەواییەکان وئەم دوو جۆر نەخۆشیە، دواتر دەرخستنی پلەی کاریگەریی ڕەگەزە ئاووهەواییەکان لە ڕێگەی بەرنامەی ئاماریی-SPSS. 14

**پێنجەم: شوێن و سنوری ناوچەی توێژینەوە:** ناوچەی توێژینەوە ڕووبەرەکەی (١٢٧،8)کم٢، دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (٥٥=٢٨¯3٥° – 1١=٤٠¯3٥°)ی باکور و هێڵەکانی درێژیی(٥٦=١٨¯4٥°–٥٣=٢٩¯4٥°) ڕۆژهەڵات، وەک لە نەخشەی(١)دیارە، پشت بەستراوە بە داتاکانی ویستگەی کەشناسی سلێمانی و کەشناسی هەرێم، بۆ دەرخستنی تایبەتمەندی ئاووهەوای ناوچەی توێژینەوە، لەگەڵ داتا تۆمارکراوەکانی نەخۆشخانە دەروونییەکانی شاری سلێمانی، کە لە ڕووی کاتەوە داتاکان دەکەونە ماوەی نێوان ساڵانی(٢٠٠٩-٢٠١٩).

## ڕەگەزە ئاووهەواییەکانی ناوچەی توێژینەوە:

بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە(١)بەم شێوەیە ڕونیدەکەینەوە:

**یەکەم:تیشکی خۆری ڕاستەقینە:** تێکڕای دەرکەوتنی تیشکی خۆری ڕاستەقینە بە پێی وەرزەکانی ساڵ گۆڕانی بەسەردا دێت بەشێوەیەک لە وەرزی هاویندا ڕوو لە زیادبوون دەبێت و تێکڕای دەرکەوتنی لە ناوچەی توێژینەوە دەگاتە(١٠،٧)کاتژمێر، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی دەرکەوتنی تێکڕای هەور لە ئاسمانی ناوچەی توێژینەوە بە بەراورد بە وەرزەکانی تر (٠،٨)ئۆکتاس*، بەرەو وەرزی زستان تێکڕای دەرکەوتنی خۆر کەمترین تێکڕا

* ئۆکتاس زاراوەیەکە بەکاردەهێنرێت بۆ دیاریکردنی بڕی هەور لە ویستگە ئاووهەواییەکاندا لەڕێی دابەشکردنی ئاسمانی ناوچەکە بەسەر (٨)بەشدا، ئەگەر هەور یەک بەش بگرێتەوە، ئەوا ڕێژەی هەور لەو ڕۆژەدا(8/١)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:( شرف،1980،ص210).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

تۆماردەکات(٤،٧)کاتژمێر بەهۆی بەرزی تیکڕای هەور لەم وەرزەدا(٤،٥)ئۆکتاس، لە دوو وەرزە مامناوەندییەکەی بەهار و پاییز یەک لەدوای یەک(٦،٨، ٨)کاتژمێر ی دەرکەوتنی تیشکی خۆری هەیە.

**دووەم: پلەی گەرمیی :** تێکڕاکانی پلەی گەرمیی بەپێی وەرزەکان جیاوازە، بە جۆرێک بەرزترین پلەی گەرمیی دەکەوێتە مانگەکانی وەرزە هاوین و تێکڕای ئەم وەرزە(٣٢،١)پلەی سەدی، بەرەو وەرزی پاییز تێکڕای پلەی گەرمیی بەرەو نزمبونەوە دەڕوات و دەگاتە(٢٠،١)پلەی سەدی، لە وەرزی زستاندا نزمترین پلە تۆماردەکرێتکە (٨)پلەی سەدییە، ئەمەش بەهۆی کەمی کاتژمێرەکانی دەرکەوتنی تیشکی خۆری ڕاستەقینە ، هاتنی بارستەهەوای جەمسەری سارد بۆ ناوچەکە، (محمد أمين، ٢٠١٤، ل٨٥). دواتر ڕوو لەبەرزبونەوە دەبێت بەجۆرێک دەگاتە(١٧،٦)پلەی سەدی لە وەرزی بەهاردا.

**سێیەم: خێرایی با:** تێکڕای ساڵانەی خێرایی با لە ناوچەی توێژینەوە دەگاتە(1,6)م/چرکە، بەرزترین تێکڕای دەکەوێتە وەرزی هاوین (1,8)م/چرکە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و هاتنی بارستەهەوای وشک و گەرم(CT)، کەمترین تێکڕا دەکەوێتە مانگی کانوونی یەکەم(١،١)م/چرکە، بەهۆی نزمبوونەوەی پلەی گەرمیی و هاتنی بارستە هەوای جەمسەری .

**نەخشەی(١)شوێنی جوگرافیی شاری سلێمانی لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی**




سەرچاوە:حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەرێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری GIS .

**چوارەم: شێی ڕێژەیی:** تێکڕای ساڵانە(47,3%)، بەگشتی تێکڕای شێی ڕێژەیی لە مانگەکانی وەرزی پاییز بەرەو وەرزی زستان ڕوو لە زیادبوون دەکات، بەرزترین تێکرا دەکەوێتە وەرزی زستان(١،٦٨%)، لە وەرزی هاوین کەمترین تێکڕا تۆمار دەکرێت( ٢،٢٦%).

**پێنجەم: باران:** کۆی باران بارینی ساڵانە لە ناوچەکەدا دەگاتە(٨،٦٢٠)ملم،بەشێوەیەک باران بارین لەگەڵ زیادبوونی بڕی هەور لە ئاسمانی ناوچەی توێژینەوە لە وەرزی پاییز دەستپێدەکات، بەرەو مانگەکانی وەرزی زستان کە بەرزترین تێکڕای هەوری هەیە هەیە(٥،٤)ئۆکتاس، بڕی باران زیاد دەکات و کۆی بارانی زستان دەگاتە(٣،٢٦٦)ملم،

ئەمەش بەهۆی زیادبوونی نەورابیە کەشییەکانی دەریای ناوەڕاست و کاریگەری بارستەهەوای کیشوەری جەمسەری سارد و نزمبوونەوەی پلەی گەرمییەوە دەبێت کە بوار دەرەخسێنێت بۆ گەیشتنی دڵۆپەی باران بە زەوی و نەبوونی بە هەڵم، وەرزی هاوین وەرزێکی وشکە و بڕی بارانی دەگاتە(٣،٨)ملم.

## نەخۆشییە دەروونییەکانی خەمۆکی و شیزۆفرینیا:

**خەمۆکی:** زاراوەی خەمۆکی لەسەدەی نۆزدەیەم هاتە ئاراوە بۆ گوزارشتکردن لە دۆخی پەشێوی عەقڵی، کە بە دابەزینی دۆخی هەڵچوونی کەسەکە جیادەکرێتەوە، لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا پێناسەکرا وەک دۆخێک لە دابەزینی ورە ، دۆخێکە لە هەرەسی عەقڵی کە تاسان بەسەریدا زاڵ دەبێت بەبێ بوونی هۆکارێکی ڕوون و ئاشکرا، بە جۆرێک پاشەکشێ لە گیانی دەستپێشخەری و زاڵبوون بەسەر هزرە ڕەشبینەکان و نەمانی ئازایەتی تیادا زاڵ دەبێت.( ولبەرت، ٢٠١٥ ، ل٥٧).

لە نیشانەکانی خەمۆکی وەک هەستکردن بە بێ دەسەڵاتی و بێئومێدی، لەڕوخساردا خەمۆک و دڵشکاو دەردەکەوێت و چێژ لە خۆشییەکان نابینێت و بێهێز و ماندوو دەبێت ، ئاستی بیرکردنەوەی لاواز دەبێت و بڕیاری بۆ نادرێت، هەستی خۆ بەکەمزانین و لۆمەکردنی خود، هەندێکجار دەوروژێ و زۆربڵێ دەبێت هەندێ کاتی تر مات و کەم دوو دەبێت، تێکچوون لە شێوازی خەوتندا بەشێوەیەک لە ماوەیەکدا زۆر دەخەوێت و هەندێ کاتی تر بێ خەو دەبێت، هەروەها هەستی تامکردنی خواردنی نامێنێت و کێشی دادەبەزێ یان بە پێچەوانەوە. (قەزاز،٢٠١٠ ، ل ٢٨-٢٩).

هۆکارەکانی سەرهەڵدانی خەمۆکی بریتین لە هۆکاری بایۆلۆجی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئاووهەوا، بەجۆرێک نەخۆشی خەمۆکی بە نەخۆشی ئاووهەوا دادەنرێ،چونکە بەرێژەی(٤٠-٥٥%)ی ئەم نەخۆشییە بەهۆی ئاووهەواوەیە، (٢٠-٢٥%) هۆکاری بۆماوەییە، ئەوەی دەمێنێتەوە هۆکاری تر ڕۆڵی هەیە ( Wilhelm ,et al, 2002. 45-53; Pillai, and Sen, , 1998,165-169; Mirzakhani and Poursafa, 2014. 947)

**خشتەی(١) ڕەگەزە ئاووهەواییەکانی ویستگەی سلێمانی(٢٠٠٩-٢٠١٩)**

| مانگەکان | تیشکی خۆری ڕاستەقینە (کاتژمێر) | پلەی گەرمی (سەدی) | خێرایی با (م/چرکە) | شێی ڕێژەیی (%) | هەور (ئۆکتاس) | باران (ملم) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئازار | 5.9 | 12.9 | 1.5 | 54.3 | 4.0 | 127.4 |
| نیسان | 6.3 | 18.4 | 1.2 | 58.8 | 3.7 | 44.7 |
| مایس | 8.2 | 21.5 | 1.7 | 50.3 | 3.2 | 42.0 |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تیکرای بەهار | 6.8 | 17.6 | 1.4 | 54.5 | 3.6 | 214.1 |
| حوزەیران | 11.6 | 28.5 | 1.9 | 24.2 | 1.2 | 8.3 |
| تەموز | 10.5 | 34.5 | 2.0 | 25.2 | 0.8 | 0.0 |
| ئاب | 10.1 | 33.5 | 1.5 | 29.1 | 0.4 | 0.0 |
| تیکرای هاوین | 10.7 | 32.1 | 1.8 | 26.2 | 0.8 | 8.3 |
| ئەیلول | 9.7 | 26.1 | 1.7 | 32.6 | 0.6 | 3.2 |
| تشرینی یەکەم | 7.7 | 22.1 | 1.5 | 39.2 | 3.7 | 63.3 |
| تشرینی دووەم | 6.5 | 12.2 | 1.9 | 49.8 | 3.9 | 65.6 |
| تیکرای پاییز | 8.0 | 20.1 | 1.7 | 40.5 | 2.7 | 132.1 |
| کانونی یەکەم | 5.4 | 9.3 | 1.1 | 66.9 | 4.2 | 74.4 |
| کانونی دووەم | 4.1 | 6.5 | 1.8 | 58.0 | 4.5 | 89.7 |
| شوبات | 4.6 | 8.1 | 2.0 | 79.5 | 4.9 | 102.2 |
| تیکرای زستان | 4.7 | 8.0 | 1.6 | 68.1 | 4.5 | 266.3 |
| تێکڕای ساڵانە | 7.5 | 19.4 | 1.6 | 47.3 | 2.9 | 620.8/کۆ |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشت بەست بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ، بەرێوبەرایەتی کەشناسی سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە. 2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەرێوبەرایەتی کەشناسیی و بومەلەرزەی هەرێم، داتای بڵاونەکراوە.

**جۆرەکانی نەخۆشی خەمۆکی:** بەپێی هۆکارەکان خەمۆکی دەکرێت بەچەند جۆرێکەوە لەوانە( خەمۆکی دەروونی-سایکۆتیک، کە جۆرێکە سەختە نەخۆشەکە وێنەی ناواقعی دەبینێت و دەنگی نەگونجاو دەبیستێت. خەمۆکی گرنگی ڕۆژانە-پۆستناتاڵ، ئەم جۆرە هەندێکجار لەکاتی دووگیانی یان ڕاستەوخۆ لەدوای منداڵبوون لە ژناندا دەردەکەوێ. خەمۆکی زستانە، پەیوەندی بە وەرزەکانەوە هەیە. خەمۆکی وروژاو، کە دەبێتە هۆی بێئۆقرەیی و وروژاوی و بزێوی. خەمۆکی گیراو، ئەمجۆرە نەخۆشەکە گۆشەگیر و زۆر بێدەنگە و لە قسەکردن و بیرکردنەوە و ڕاپەڕاندنی کارەکاندا زۆر لاوازە. خەمۆکی دەمامک، ئەمجۆرە خۆی ئاشکرا ناکات بەڵکو لەپاڵ ئازارێکی جەستەدا خۆی دەشارێتەوە. خەمۆکی دێژخایەن، بەلایەنی کەمەوە دووساڵ دەخایەنێت، دەتوانێت کاری ڕۆژانەی ئەنجام بدات، بەڵام چێژ لە خۆشییەکان نابینێت و خەمبارە. (قەزاز، 2010،ل٣-٣١).

**شیزۆفرینیا(سکیزۆفرینیا** - schizophrenia): زاراوەیەکی یۆنانییە لەدوو برگە پێک دێت (skhizein) بە مانای پەرتبوون (phren) بەمانای عەقڵ(هۆش)،بۆیەکەمجار لەلایەن یۆجین بلولەرەوە لەساڵی ١٩٠٨ بەکارهێنرا. کۆمەڵێک


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

نیشانەی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هەیە، نیشانە پۆزەتیڤەکان واتای باشی ناگەیەنێت، بەڵکو مەبەست لێی سەرهەڵدانی هەندێک نیشانەیە کە لە باری ئاسایدا تاک ئەو نیشانانەی نییە وەک هەلوەسە(هەلوەسەی بیستن، بینین، تامکردن، بۆنکردن، بەرکەوتن)، خانە گومانی، گرفتی هزر، بێئۆقرەیی لە جوڵەی لەشدا. نیشانە نێگەتیڤەکان، مەبەست لێی نیشانەی خراپ نییە، بەڵکو کەمبونەو و نەمانی هەندێک چالاکی و ڕەفتارە کە لەباری ئاسایدا دەبیت هەبن وەک ڕووتەختی(کەمبونەوەی دەربڕینی ڕوخسار و ئاوازی دەنگ، واتە ناتوانێت بەپێی پێویست هەستەکانی لە ڕوخساریدا دەربکەون یان لە ئاوازی قسەکردنیدا خۆشی و بێزاری بەدیناکرێت، کەمبونەوەی هەستی چێژ و گرانی لە دەستپێکردن یان مانەوەی لەکاردا، کەمبونەوەی ئاخاوتن.

لە هۆکارەکانی توشبوون بە شیزۆفرینیا وەک(بۆماوە، تەمەن، کەسێتی و پێکهاتەی لەش، هۆکاری کیمیای ژیان، بەرواری لەدایک بوون بۆ ئەوانەی لەدایکبونیان لە وەرزی زستان و سەرەتای بەهار ئەگەری توشبونیان زیاترە بەهۆی هەوکردنی ڤایرۆسییەوە وەک ڤایرۆسی کەمی بەرگری و ئیپشتیان بار ڤایرەس.، پێکهاتەی مێشک، ئاستی بەرگری، پەیوەندی خێزانی، ئاستی ئابوری.( محەمەد ، ٢٠١٩، ل١٩٤-١٩٨ ).

لەخشتەی ژمارە(٢)تێبینی ئەوە دەکەین نەخۆشییەکانی خەمۆکی و شیزۆفرینیا بە پێی گۆڕانکاری وەرزەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا جیاوازە، کۆی سالآنەی توشبووانی خەمۆکی(٤٥٩)توشبوو بووە، بەشێوەیەک ژمارەی توشبووان لە وەرزی هاویندا زیاد دەکات و دەگاتە(٤٣)توشبوو، بەرەو وەرزی پاییز و زستان ژمارەی توشبووان دابەزین بەخۆوە دەبینێت و دەبێتە(٣٦)توشبوو، پاشان ژمارەیان بەرەو زیادبوون دەچێت لە وەرزی بەهاردا و دەگاتە(٣٩) توشبوو.

توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن ئەوانەی نەخۆشی خەمۆکی وەرزییان هەیە زیاتر لە سەرەتای پاییز بەرەو زستان دەستپێدەکات، ئەمەش پەیوەندی بە کورتی ڕۆژ و دریژی شەو هەیە. (Wirz-Justice, 1996, 109-120 )، چونکە بە نەبوونی تیشکی خۆر هاوسەنگی لەش تێکدەچێ و هۆرمۆنی میلاتۆنین زیاددەکات و سیرۆتۆنین کەمدەکات، بەمەش کاردەکاتە سەر باری دەروونی توشبووەکە و تێکچوونی کاتژمێری بایۆلۆجی لەش(کاتی هەستان و خەوتن) و حەزی بۆ خەوتن زیاد دەبێت، لەگەڵ ئەوەی زستان کەمتر دەچێتە بەر خۆر و ڤیتامین D کەمدەبێت و سیرۆتۆنین کەمدەکات، بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە لە خەمۆکی پەنا دەبرێتە بەر بەکارهێنای تیشکی ڕوناکی سپی لە بەیانیاندا بەشێوەیەک(١٢-١٨)ئینج لە توشبووەکەوە دووربێت، دەرکەوتووە توشبووان بەرەو باشبوون دەچن بەشێوەیەک دوای دوو هەفتە هەستی پێدەکرێت، بەڵام بە واز لێهێنانی ڕوناکییەکە دوبارە وەک خۆیان لێدێتەوە، بۆیە بەدرێژایی وەرزی پاییز و زستان باشترە ئەم ڕێگایە بەکاربهێنرێت. (Stuart,and Annamarie,2013,608.)، بەڵام هۆکاری زیادبوونی لە وەزی هاوین و بەهاردا دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی جۆرەکانی تری خەمۆکی. هەروەها تێبینی ئەوە دەکەین جیاوازی هەیە لە نێوان توشبووانی ڕەگەزی نێر و مێ، بەشێوەیەک ڕەگەزی مێ زیاتر توشی خەمۆکی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

دەبن ، ئەمەش بەهۆی تێکچوونی هۆرمۆن لەکاتی سوڕی مانگانە و منداڵبوون ، زۆری ڕێژەی توندوتیژی بەرامبەر ڕەگەزی مێ، کەمی بایەخپێدانیان لەلایەن دەوروبەرەوە.(Wilhelm , 2002, 44-53), لە ناوچەی توێژینەوەدا ڕێژەی سەدی توشبووانی ڕەگەزی مێ(٦٢)،بەرامبەر(٣٨) توشبوو لە ڕەگەزی نێر، خشتەی(٢).

سەبارەت بە نەخۆشی شیزۆفۆینیا کۆی ساڵانەی توشبووان دەگاتە(٥٥٠)توشبوو، بەپێی گۆڕانکاری لە وەرزەکاندا ژمارەی توشبووان زیاد و کەم دەکات، بەجۆرێک لە وەرزی هاویندا زۆرترین ژمارەی توشبوو تۆمارکراوە(٤٨)توشبوو، دواتر وەرزی زستان، پاییز، بەهار یەک لە دوای(٤٦، ٤٥، ٤٤)توشبوو، تا ئێستا هۆکارێکی ڕوون نییە بۆ بەرزبونەوەی ژمارەی توشبووانی شیزۆفرینیا لە وەرزی هاویندا، بەڵام توێژینەوەکانی تایبەت بەم بوارە گەیشتوون بەو ئەنجامەی ژمارەی توشبووان لە وەرزی هاویندا زیاد دەکات و هۆکاری ئەمە دەیگەڕێننەوە بۆ بەرزبونەوەی پلەی گەرمیی، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان پلەی گەرمیی و شیزۆفرینیا لەجۆری(هەلوەسە و خانە گومانی) هەستیارن بە پلەی گەرمیی، لەگەڵ بەرزبونەوەی پلەی گەرمیی و کەمبونەوەی شێی ڕێژەیی ئەم دوو نیشانەیە زیاد دەبێت توشبووان بارودۆخیان بەرەو خراپتر دەچێت و پێویستییان بە چاودێری پزیشکی دەبیت و لە نەخۆشخانە دەمێننەوە .(Shiloh, 2005,61-64). ناجێگیری شێ و جیاوازی پلەی گەرمیی کاردەکاتە سەر مادە کیمیاییەکانی مێشک وەک دۆپامین و زیادی دەکات، ئەمیش بەرپرسە لە نیشانەکانی شیزۆفرینیا، لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە لە مانگەکانی مایس و حوزەیران ڕێژەی توشبووان بەرزدەبێتەوە، هەروەها لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا ئەم جۆرە نەخۆشییە لەڕەگەزی نێردا زیاترە، خراپی باری ئابوری هۆکارێکی ترە.(Zawahri, 200243) لە ناوچەی توێژینەوەشدا ژمارەی توشبووانی ڕەگەزی نێر زیاترە لە ڕەگەزی مێ کە ڕێژەی سەدی دەگاتە (٥٦%) بەرامبەر(٤٤%)بۆ ڕەگەزی مێ،خشتەی(٢).

**خشتەی ژمارە(2) ژمارەی توشبووان بە نەخۆشی خەمۆکی و شیزۆفرینیا لە شاری سلێمانی (2019-2009)**

| مانگەکان | خەمۆکی ڕەگەزی نێر | خەمۆکی ڕەگەزی مێ | خەمۆکی کۆ | شیزۆفرینیا ڕەگەزی نێر | شیزۆفرینیا ڕەگەزی مێ | شیزۆفرینیا کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئازار | 14 | 16 | 30 | 25 | 17 | 42 |
| نیسان | 17 | 24 | 41 | 23 | 19 | 42 |
| مایس | 16 | 30 | 46 | 28 | 21 | 49 |
| تیکرای بەهار | 16 | 23 | 39 | 25 | 19 | 44 |
| حوزەیران | 15 | 26 | 41 | 28 | 23 | 51 |
| تەموز | 16 | 25 | 41 | 26 | 19 | 45 |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 49 | 22 | 27 | 45 | 29 | 16 | ئاب |
| 48 | 21 | 27 | 43 | 27 | 16 | تیکرای هاوین |
| 51 | 23 | 28 | 38 | 24 | 14 | ئەیلول |
| 36 | 15 | 21 | 34 | 19 | 15 | تشرینی یەکەم |
| 47 | 23 | 24 | 35 | 22 | 13 | تشرینی دووەم |
| 45 | 20 | 24 | 36 | 22 | 14 | تیکرای پاییز |
| 46 | 20 | 26 | 32 | 20 | 12 | کانونی یەکەم |
| 43 | 18 | 25 | 36 | 23 | 13 | کانونی دووەم |
| 49 | 20 | 29 | 40 | 26 | 14 | شوبات |
| 46 | 19 | 27 | 36 | 23 | 13 | تیکرای زستان |
| 550 | 240 | 310 | 459 | 284 | 175 | کۆی سالآنە |
| | 44 | 56 | | 62 | 38 | ڕێژەی سەدی کۆی سالآنەی توشبووان |

**سەرچاوە:**١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، فەرمانگەی گشتی تەندروستی سلێمانی، سەنتەری چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان، بڵاونەکراوە، ٢٠١٩. ٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، نەخۆشخانەی سۆزی دەروونی، بڵاونەکراوە، ٢٠١٩. ٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، نەخۆشخانەی دەروونی شەهید صلاحی مهندس، بڵاونەکراوە، ٢٠١٩.

## شیکردنەوەی ئاماریی بۆ دەرخستنی کاریگەری ئاووهەوا لەسەر نەخۆشی خەمۆکی و شیزۆفرینیا:

بۆ سەلماندنی ڕاستییە جوگرافییەکان بەکارهێنانی ڕێگا ئامارییەکان پێویستییەکی گرنگن ، لێرەدا هەڵدەستین بە بەکارهێنانی ڕێگەی هاوکۆلکەی پیرسۆن( معامل بيرسون) بۆ دەرخستنی ئاستی پەیوەندی لە نێوان هۆکارە ئاووهەواییەکان کە پێیان دەوترێت گۆڕاوە سەربەخۆکان (X) ( المتغير المستقل)، لەگەڵ نەخۆشییە دەروونییەکانی خەمۆکی و شیزۆفرینیا کە بریتیین لە گۆڕاوی پاشکۆ یان گۆڕاوی شوێنکەوتوو( المتغير التابع)کە بە هێمای(Y) ئاماژەی پێدەدرێت . .( العمر، 1989، ص 280) ،پاشان پلەی کاریگەری ئاووهەوا نەخۆشییەکان دەردەخەین بە پشت بەستن بە شیکردنەوەی لێژی(Regression Analysis ) ، هەموو ئەمانەش لەڕێگەی بەرنامەی (SPSS-14) ئەنجام دەدەین .

**یەکەم: هاوکۆلکەی پیرسۆن ( معامل بيرسون) Pearson correlation - R ):** زۆرترین بەکارهێنانی هەیە بۆ دەستنیشانکردنی پلەی پێکەوەبەستراوی نێوان هەردوو گۆڕاوی سەربەخۆ و گۆڕاوی شوێنکەوتوو. .( العتبي و الطائي،2012،ص194). لەخشتەی(٣) ئەنجامەکانی جێبەجێکردنی ئاستی پەیوەندی* نێوان هەر گۆڕاوێکی سەربەخۆ(هۆکارە ئاووهەوایییەکان)و گۆڕاوی شوێنکەوتوو(نەخۆشی خەمۆکی و شیزۆفرینیا) دەردەخەین.

خشتەی (٣)پەیوەندی نێوان ڕەگەزە ئاووهەوایییەکان و نەخۆشییەکانی خەمۆکی و شیزۆفرینیا لە شاری سلێمانی(٢٠٠٩-٢٠١٩)

| هۆکارە ئاووهەوایییەکان | نەخۆشی خەمۆکی | نەخۆشی شیزۆفرینیا |
|---|---|---|
| تیشکی خۆری ڕاستەقینە(کاتژمێر) | 0.517 | 0.396 |
| پلەی گەرمیی هەوا(سەدی) | 0.581 | 0.235 |
| خێرایی با(م/چرکە) | 0.280 | 0.384 |
| شێی ڕێژەیی(%) | -0.324 | -0.161 |
| بڕی هەور(ئۆکتاس) | -0.505 | -0.461 |
| باران(ملم) | -0.66 | -0.441 |

سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی(١)،(٢)، بەرنامەی SPSS-14.

**دووەم:شیکردنەوەی لێژی ( Regression Analysis):**

**أ- هاوکولکەی هێڵی لێژی سادە :**بریتییە لە دیاریکردنی پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاو، کە یەکێکیان بریتییە لە گۆڕاوی سەربەخۆ (x)، ئەوی تریش بریتییە لە گۆڕاوی شوێنکەوتوو(Y)،کە بەکاردێت بۆ پێشبینی کردنی نرخی گۆڕاوی شوێنکەوتوو(Y) لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر گۆڕاوی سەربەخۆ (X)دا دێت،لە ڕێگەی ئەم هاوکێشەیەوە. (أبو زيد، 2009، ص 379).

$$Y=a+ bnXn$$

* مەبەست لێی پەیوەندی نێوان دوو دیاردە یان زیاترە، ئەگەر پەیوەندی نێوانیان موجەب یان سالب بێت ، ئەمە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات پەیوەندییەکە ڕاستەوانە یان پێچەوانەیە، ژمارە ڕەهاکە بە تەنها ئاماژە بۆ هێزی پەیوەندییەکە بە شێوەیەک لە حاڵەتی نەبوونی پەیوەندی =سفر، پەیوەندی تەواو=١(موجەب یان سالب)، بڕوانە: ( المشهداني،1988، ص164-165 ).

کاتێک کە: Y= گۆڕاوی شوێنکەوتوو (Dependent Variable) ، a= خاڵی یەکتربڕینی تەوەرەی(س) لەگەڵ تەوەرەی(ص) .b = نرخی هاوکۆلکەی لێژی* ، X= گۆڕاوی سەربەخۆ( Independent Variable).لەخشتەی(٤)نرخی هاوکۆلکەی لێژی سادە دەخەینەڕوو.

**ب- هاوکولکەی فرە لێژی** :بریتییە لە بەکارهێنانی زیاتر لە گۆڕاوێکی سەربەخۆ(x)، لەگەڵ گۆڕاوی شوێنکەوتوودا (Y)، بە پێی ئەم هاوکێشەیە: (نعمان شحادة، 2011، ص ٤٤٥) . Y=a+ b1X2+ b2x2+b3x3…..bnxn

خشتەی(٤)نرخی هاوکولکەی لیژی سادە(B) لە پەیوەندی نێوان هۆکارە ئاووهەواییەکان و نەخۆشییەکانی خەمۆکی و شیزۆفرینیا لە شاری سلێمانی(٢٠٠٩-٢٠١٩)

| هۆکارە ئاووهەواییەکان | گۆڕاوەکان | خەمۆکی -B- | شیزۆفرینیا -B- |
|---|---|---|---|
| تیشکی خۆری ڕاستەقینە (کاتژمێر) | X1 | 1.640 | 0.716 |
| پلەی گەرمیی ( °س) | X2 | 0.295 | 0.107 |
| خێرایی با(م/چرکە) | X3 | 4.691 | 5.773 |
| شێی ڕیژەیی(%) | X4 | -0.092 | -0.041 |
| بڕی هەور(ئۆکتاس) | X5 | -1.506 | -1.234 |
| باران(ملم) | X6 | -0.076 | -0.046 |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی(١)،(٢)، بەرنامەی (SPSS-14 ) .

کاتێک کە: Y= گۆڕاوی شوێنکەوتوو(Dependent Variable، a= خاڵی یەکتربڕینی تەوەرەی(س) لەگەڵ تەوەرەی(ص). b = نرخی هاوکۆلکەی لێژی.) (X1, x2, x3…= گۆڕاوی سەربەخۆ ( Independent Variable)کە لە خشتەی ژمارە(٥) پیشاندراوە .

پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی هاوکۆلکەی فرە لێژی لە بەرنامەی( SPSS-14) بۆ پێشبینکردنی کاریگەری هۆکارە ئاووهەواییەکان لەسەر نەخۆشییەکانی خەمۆکی و شیزۆفرینیا بەم شێوەیە:

Y=32.707+2.837(x1)-0.162(x2)+9.493(x3)+0.679(x4)-2.799(x5)-0.126(x6).

* لەڕێگەی ئەم هاوکێشەیە دەدۆزرێتەوە $b= (n\Sigma xy - \Sigma x\Sigma y / (n\Sigma x2 -(\Sigma x2)$ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : ( شحادة، ، 2011، ص432 ) .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی هۆكارە ئاووهەواییەكانی( تیشكی خۆری ڕاستەقینە، پلەی گەرمی هەوا، خێرایی با، شێی ڕێژەیی،بڕی هەور، باران )لە ناوچەی توێژینەوەدا پلەی كاریگەرییان لەسەر لەسەر نەخۆشییە دەرونییەكانی خەمۆكی و شیزۆفرینیا (٣٫٨١%).

**سێیەم:هاوكۆلكەی دیاریكراو:** (Coefficient of Determination( R2)

بریتییە لە ڕێژەی سەدی كاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ(x) لەسەر گۆڕاوی پاشكۆ(y) [*]، لە ڕێگەی ئەم هاوكێشەیەوە دیاریدەكرێت (شحادة، 2002، ص 383 ) . $R2= SSR/ SST$

لە كاتێكدا :- كۆی چوارگۆشە دوبارەبووەكانی سەر هێڵی لێژی =SSR R2 = هاوكۆلكەی دیاریكراو. SST =كۆی سەرجەم چوارگۆشەكان

ئەنجامی جێبەجێكردنی هاوكۆلكەی دیاریكراو بە پێی هۆكارە ئاووهەواییەكانی ناوچەی توێژینەوە لە خشتەی(٥)ڕوندەكەینەوە.

**شیكردنەوەی ئاماریی بۆ هۆكارە ئاووهەواییە كاریگەرەكان لەسەر نەخۆشی خەمۆكی و شیزۆفرینیا لە شاری سلێمانی :**

بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە(٣) هۆكارە ئاووهەواییەكان دابەش دەكەین بۆ :

**أ-هۆكارە پۆزەتیڤەكان(ئیجابییەكان) – Positive factors :**

ئەو هۆكارانە دەگرێتەوە كە پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوی سەربەخۆ(x) كە هۆكارە ئاووهەواییەكانە، لەگەڵ نەخۆشییەكان كە گۆڕاوی پشتپێبەستراوە(y) پەیوەندییەكی ڕاستەوانە هەیە، واتە زیادبوونی

**یەكەم: پلەی گەرمیی :** ژمارەی توشبووان زیاد دەكات بە بەرزبونەوەی پلەی گەرمیی، بە پلەی یەكەم دێت لەڕووی كاریگەریی لەسەر نەخۆشی خەمۆكی ، چونكە هاوكولكەی دیاریكراوی( $R^2$) دەكاتە(٧٫٣٣%)، وەك لە شێوەی(١) دیارە . سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئەم ڕەگەزە و نەخۆشی خەمۆكی دەكاتە(٠٫٥٨١+) واتە پەیوەندییەكی ڕاستەوانەیەو بەشێوەیەكە كە بە زیادبوونی پلەی گەرمیی بۆ(یەك پلەی سەدی)ژمارەی توشبووان(٠٫٢٩٥)توشبوو زیاد دەكات .

---

[*] نرخی ( R2) لە بەرنامەی SPSS دەكەوێتە نێوان ( 1≥ R2 ≥ 0 )، نزیكبونەوەی نرخەكە لە ژمارە ١ ئاماژەیە بۆ توانای كاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ (x) لەسەر گۆڕاوی شوێنكەوتوو (y). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:( سلیمان، 2007،ص442 ).

**خشتەی (٥) هاوكۆلكەی دیاریكراو بۆ كاریگەری هۆكارە ئاووهەواییەكان لەسەر نەخۆشی خەمۆكی و شیزۆفرینیا لە شاری سلێمانی(٢٠٠٩-٢٠١٩)**

| هۆكارە ئاووهەواییەكان | هاوكۆلكەی دیاریكراو (%) | | هۆكارە ئاووهەواییەكان | هاوكۆلكەی دیاریكراو (%) | |
|---|---|---|---|---|---|
| | خەمۆكی | شیزۆفرینیا | | خەمۆكی | شیزۆفرینیا |
| تیشكی خۆری ڕاستەقینە(كاتژمێر) | 26.7 | 15.7 | شێی ڕێژەیی(%) | 10.5 | 2.6 |
| پلەی گەرمیی( °س) | 33.7 | 5.5 | بڕی هەور(ئۆكتاس) | 25.5 | 21.3 |
| خێرایی با(م/چركە) | 7.8 | 14.7 | باران(ملم) | 43.5 | 19.5 |

**سەرچاوە:**كاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی(١)،(٢)، بەرنامەی (SPSS-14) .


نرخی(X) دەبێتە هۆی زیادبوونی نرخی(Y) بەم شێوەیە ،بە پشت بەستن بە خشتەكانی(٤، ٥) كاریگەرییان لەسەر نەخۆشی خەمۆكی بەم شێوەیەیە :

**دووەم:دەركەوتنی تیشكی خۆری ڕاستەقینە:** هاوكولكەی دیاریكراوی( $R^2$) دەكاتە(٧،٢٦%)، وەک لە شێوەی(٢) دیارە، واتە پلەی دووەمی هەیە لەڕووی كاریگەرییەوە، بەپێی پەیوەندی پیرسون، پەیوەندی نێوانیان(٠،٥١٧+) پەیوەندییەكی ڕاستەوانەیەو بەشێوەیەک بە زیادبوونی ژمارەی كاتژمێرەكانی دەركەوتنی تیشكی خۆری ڕاستەقینە (١كاتژمێر)، ئەوا(٠٤٠،١)توشبوو زیاد دەكات .

**سێیەم:خێرایی با:** پلەی سێیەمی هەیە لەڕووی كاریگەری لەسەر نەخۆشی خەمۆكی، چونكە هاوكولكەی دیاریكراوی( $R^2$)دەكاتە(٨،٧%)، پەیوەندییەكی ڕاستەوانەیان هەیە و دەگاتە(٠،٢٨٠+)، واتە بە زیادبوونی تێكڕای خێرایی با(1م/چركە)، ئەوا (٦٩١،٤)توشبوو زیاد دەكات.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

شێوەی(١)پەیوەندی نێوان پلەی گەرمیی(سەدی) و نەخۆشی خەمۆکی لە شاری سلێمانی(٢٠٠٩-٢٠١٩)




**سەرچاوە:**کاری توێژەر بە پشت بەستن بە بەرنامەی(SPSS-14).


شێوەی(٢)پەیوەندی نێوان تیشکی خۆری ڕاستەقینە(کاتژمێر) و نەخۆشی خەمۆکی لە شاری سلێمانی(٢٠٠٩-٢٠١٩)




**سەرچاوە:**کاری توێژەر بە پشت بەستن بە بەرنامەی(SPSS-14).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

**شێوەی(٣)پەیوەندی نێوان خێرایی با(م/چرکە) و نەخۆشی خەمۆکی لە شاری سلێمانی(٢٠٠٩-٢٠١٩)**




**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە پشت بەستن بە بەرنامەی(SPSS-14).

## کاریگەری هۆکارە ڕۆژەتیڤەکان لەسەر نەخۆشی شیزۆفرینیا بەم شێوەیە:


**یەکەم: دەرکەوتنی تیشکی خۆری ڕاستەقینە:** وەک لە شێوەی (٤) دیارە، هاوکولکەی دیاریکراوی ($R^2$) دەکاتە (٧،١٥%)، واتە پلەی یەکەمی هەیە لەڕووی کاریگەرییەوە، بەپێی پەیوەندی پیرسون، پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە (٣٩٦،٠ +) بەشێوەیەک بە زیادبوونی ژمارەی کاتژمێرەکانی دەرکەوتنی تیشکی خۆری ڕاستەقینە(١کاتژمێر)،ئەوا(٧١٦،٠) توشبوو زیاد دەکات.

**دووەم:خێرایی با:** هاوکولکەی دیاریکراوی ($R^2$) دەکاتە (٧،١٤%)، وەک لە شێوەی (٥) دیارە، پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیان هەیە و دەگاتە (٣٨٤،٠+)، واتە بە زیادبوونی تێکڕای خێرایی با (1م/چرکە)، ئەوا (٧٧٣،٥) توشبوو زیاد دەکات.

**سێیەم: پلەی گەرمیی :** بە پلەی سێیەم دێت لەڕووی کاریگەریی لەسەر نەخۆشی شیزۆفرینیا ، چونکە هاوکولکەی دیاریکراوی ($R^2$) دەکاتە (٥،٥ %)، وەک لە شێوەی (٦) دیارە . سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئەم ڕەگەزە و نەخۆشی شیزۆفرینیا دەکاتە (٢٣٥،٠+) واتە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیەو بەشێوەیەکە کە بە زیادبوونی پلەی گەرمیی بۆ(یەک پلەی سەدی)ژمارەی توشبووان (١٠٧،٠)توشبوو زیاد دەکات .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

شێوەی(٤)پەیوەندی نێوان تیشکی خۆری ڕاستەقینە(کاتژمێر) و نەخۆشی شیزۆفرینیا لە شاری سلێمانی(٢٠٠٩–٢٠١٩)




**سەرچاوە**:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە بەرنامەی(SPSS-14).


شێوەی(٥)پەیوەندی نێوان خێرایی با(م/چرکە) و نەخۆشی شیزۆفرینیا لە شاری سلێمانی(٢٠٠٩–٢٠١٩)




**سەرچاوە**:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە بەرنامەی(SPSS-14).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

شێوەی(٦)پەیوەندی نێوان پلەی گەرمیی(سەدی) و نەخۆشی شیزۆفرینیا لە شاری سلێمانی (٢٠٠٩-٢٠١٩)




**سەرچاوە**:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە بەرنامەی(SPSS-14).

## ب-هۆکارە نێگەتیڤەکان (سلبیەکان)- Negative factors :


مەبەستمان پەیوەندی نێوان گۆڕاوی سەربەخۆ(x ) کە هۆکارە ئاووهەواییەکانە، لەگەڵ نەخۆشییەکان کە گۆڕاوی پشتپێبەستراوە(y) پەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە، واتە بە زیادبوونی نرخی(x) لە بەرامبەردا نرخی(y) کەمدەکات ، بە پشت بەستن بە خشتەکانی(٤، ٥)کاریگەرییان لەسەر نەخۆشی خەمۆکی بەم شێوەیە :

**یەکەم: باران:** ئەم ڕەگەزە پلەی یەکەم وەردەگرێت لەڕووی کاریگەریی لەسەر نەخۆشی خەمۆکی، لە شێوەی ژمارە(٧) دەردەکەوێت کە هاوکۆلکەی دیاریکراوی دەکاتە (٥،٤٣%) ،پەیوەندی لەگەڵ نەخۆشی خەمۆکی پێچەوانەیە و دەکاتە(-٠،٦٦)، واتە بە زیادبوونی بڕی باران بارین ژمارەی توشبووان بە خەمۆکی کەمدەکات، کاتێک باران بە بڕی(یەک ملم) زیاد دەکات، ئەوا ژمارەی توشبووان(٠،٠٧٦)کەمدەکات .

**دووەم: بڕی هەور لە ئاسمان:** لەشێوەی(٨)ئەوە ڕوندەبێتەوە، وەک هۆکارێکی نێگەتیڤ پلەی دووەمی هەیە لەڕووی کاریگەریی لەسەر خەمۆکی، چونکە هاوکولکەی دیاریکراوی دەکاتە(٥،٢٥%)، پەیوەندییەکی پێچەوانەی هەیە و دەگاتە(-٠،٥٠٥)، واتە بە زیادبوونی بڕی هەور لە ئاسمانی شاری سلێمانیدا(١ئوکتاس)، ژمارەی توشبووان(٥٠٦،١) کەمدەکات.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

**شێوەی(٧)پەیوەندی نێوان باران(ملم) و نەخۆشی خەمۆكی لە شاری سلێمانی(٢٠٠٩-٢٠١٩)**




**سەرچاوە:**كاری توێژەر بە پشت بەستن بە بەرنامەی(SPSS-14).

**شێوەی(٨)پەیوەندی نێوان بڕی هەور(ئۆكتاس) و نەخۆشی خەمۆكی لە شاری سلێمانی(٢٠٠٩-٢٠١٩)**





**سەرچاوە:**كاری توێژەر بە پشت بەستن بە بەرنامەی(SPSS-14).

**سێیەم:شێی ڕێژەیی:** هاوكولكەی دیاریكراوی دەكاتە(١٠،٥٥%)، لەشێوەی(٩)دیارە، بە زیادبوونی شێی ڕێژەیی (١%)، ژمارەی توشبووان(٠،٠٩٢) كەمدەكات، چونكە پەیوەندی نیوانیان پیچەوانەیە و دەكاتە(٠،٣٢٤-).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

**شێوەی(٩)پەیوەندی نێوان شێی ڕێژەیی(%) و نەخۆشی خەمۆکی لە شاری سلێمانی(٢٠٠٩-٢٠١٩)**




**سەرچاوە:**کاری توێژەر بە پشت بەستن بە بەرنامەی(SPSS-14).

## کاریگەری هۆکارە نیگەتیڤەکان لەسەر نەخۆشی شیزۆفرینیا بەم شێوەیە:


**١- بڕی هەور لە ئاسمان:** لەشێوەی(١٠)ئەوە ڕوندەبێتەوە، وەک هۆکارێکی نێگەتیڤ پلەی یەکەمی هەیە لەڕووی کاریگەریی لەسەر شیزۆفرینیا، چونکە هاوکولکەی دیاریکراوی دەکاتە(٣،٢١%)، پەیوەندییەکی پێچەوانەی هەیە و دەگاتە(٠،٤٦١-)، واتە بە زیادبوونی بڕی هەور لە ئاسمانی شاری سلێمانیدا(١ئوکتاس)، ژمارەی توشبووان(٢٣٤،١) کەمدەکات.

**٢-باران:** پلەی دووەمی هەیە لەڕووی کاریگەری لەسەر نەخۆشی شیزۆفرینیا بەپلەی(٥،١٩%)، وەک لەشێوەی(١١)دیارە، پەیوەندی نیوانیان دەگاتە(٠،٤٤١-)، پەیوەندییەکی پێچەوانەیە بە زیادبوونی(١ملم) باران، ئەوا ژمارەی توشبووان بە شیزۆفرینیا(٠،٠٤٦)کەمدەکات.

**٣-شێی ڕێژەیی:** کاریگەرییەکی کەمی هەیە، وەک لە شێوەی(١٢)دەبینرێت، پلەی کاریگەرییەکەی (٦،٢%)، پەیوەندی نێوانیان(٠،١٦١-)، واتە بە زیادبوونی شێی ڕێژەیی بەبڕی(١%)،ئەوا توشبووان ژمارەیان(٠،٠٤١)کەمدەکات.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

**شێوەی(١٠)پەیوەندی نێوان بڕی هەور(ئۆکتاس) و نەخۆشی شیزۆفرینیا لە شاری سلێمانی(٢٠٠٩-٢٠١٩)**




**سەرچاوە**:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە بەرنامەی(SPSS-14).


**شێوەی(١١)پەیوەندی نێوان باران(ملم) و نەخۆشی شیزۆفرینیا لە شاری سلێمانی(٢٠٠٩-٢٠١٩)**




**سەرچاوە**:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە بەرنامەی(SPSS-14).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

**شێوەی(١٢)پەیوەندی نێوان شێی ڕێژەیی(%) و نەخۆشی شیزۆفرینیا لە شاری سلێمانی(٢٠٠٩-٢٠١٩)**




**سەرچاوە**:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە بەرنامەی(SPSS-14).

## ئەنجام:

**١-** نەخۆشییەکانی خەمۆکی و شیزۆفرینیا بە پێی گۆڕانکاری وەرزەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا جیاوازە، کۆی ساڵانەی توشبووانی خەمۆکی(٤٥٩)توشبوو، نەخۆشی شیزۆفۆینیا کۆی ساڵانەی توشبووان دەگاتە(٥٥٠)توشبوو، بەشێوەیەک ژمارەی توشبووان لە وەرزی هاویندا زیاد دەکات و بۆ نەخۆشی خەمۆکی دەگاتە(٤٣)توشبوو، شیزۆفرینیا(٤٨)توشبوو، لە خەمۆکیدا ڕێژەی سەدی توشبووانی ڕەگەزی مێ(٦٢)،بەرامبەر(٣٨) توشبوو لە ڕەگەزی نێر، بەڵام شیزۆفرینیا لە ڕەگەزی نێر زیاترە(٥٦%) بەرامبەر(٤٤%)بۆ ڕەگەزی مێ.

٢- کاریگەری هۆکارە ئاووهەواییەکان لەسەر نەخۆشییەکانی خەمۆکی و شیزۆفرینیا (٣،٨١%).بە پێی ئەم هاوکێشەیە:

Y=32.707+2.837(x1)-0.162(x2)+9.493(x3)+0.679(x4)-2.799(x5)-0.126(x6).

٣- پلەی گەرمیی کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی هەیە لەسەر خەمۆکی، پلەی کاریگەرییەکەی دەکاتە(33,7%)،بە زیادبوونی پلەی گەرمیی بۆ(یەک پلەی سەدی)ژمارەی توشبووان(0,295)توشبوو زیاد دەکات .

٤-دەرکەوتنی تیشکی خۆری ڕاستەقینە لە هۆکارە پۆزەتیڤەکانە و پلەی یەکەمی هەیە لەڕووی کاریگەرییەوە لەسەر نەخۆشی شیزۆفرینیا، هاوکولکەی دیاریکراوی دەکاتە (15,7%)،بە زیادبوونی ژمارەی کاتژمێرەکانی دەرکەوتنی تیشکی خۆری ڕاستەقینە بۆ(١کاتژمێر)، (0,716) توشبوو زیاد دەکات.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

٥- لە هۆکارە نێگەتیڤەکاندا باران پلەی یەکەم وەردەگرێت لەڕووی کاریگەریی لەسەر نەخۆشی خەمۆکی، کە هاوکۆلکەی دیاریکراوی دەکاتە (٥،٤٣%) ، بە زیادبوونی بڕی باران بارین ژمارەی توشبووان بە خەمۆکی کەمدەکات، کاتێک باران بە بڕی(یەک ملم) زیاد دەکات، ئەوا ژمارەی توشبووان(٠،٠٧٦)کەمدەکات .

٦- بڕی هەور لە ئاسمان وەک هۆکارێکی نێگەتیڤ پلەی یەکەمی هەیە لەڕووی کاریگەریی لەسەر شیزۆفرینیا، چونکە هاوکولکەی دیاریکراوی دەکاتە(٣،٢١%)، واتە بە زیادبوونی بڕی هەور لە ئاسمانی شاری سلێمانیدا(١ئوکتاس)، ژمارەی توشبووان(٢٣٤،١) کەمدەکات.

## پێشنیارەکان:

١-گرنگی پێدانی پزیشکان و پسپۆرانی بواری دەرونناسی بە فاکتەری ئاووهەوا وەک یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی نەخۆشییە دەروونییەکانی خەمۆکی و شیزۆفرینیا.

٢- بە بەرزبونەوەی پلەی گەرمیی نیشانەکانی نەخۆشی شیزۆفرینیا لە توشبوواندا زیاد دەکات، باشتروایە توشبووان خۆیان بپارێزن لە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی تیشکی خۆر لە وەرزی هاویندا .

٣-گرنگیدان بە تۆمارکردنی داتای تایبەت لە ویستگە کەشناسییەکاندا و لە دامەزراوە تەندروستییەکاندا، چونکە توێژینەوەکان پشت دەبەستن بە مەودای وردی داتا تۆمارکراوەکان بۆ ئەم مەبەستە سەنتەری زانستی تایبەت دابمەزرێت و توێژینەوەی زیاتر لەم بوارەدا ئەنجام بدرێت.

٤-بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی تەندروستی و هۆشیارکردنەوەی توشبووان لە کاریگەرییەکانی ئاووهەوا لەسەر نەخۆشییە دەروونییەکان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

# Statistical analysis of the effects of weather on Psychological depression and schizophrenia in the city of Sulaymaniah

**Bushra Qadir Kareem**

Social Science Department ,College of Basic Education, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region,Iraq.

**Email:-** bushra.kareem@univsul.edu.iq

## Abstract:

In this study, we showed the effect of psychiatric illnesses including depression and schizophrenia. Based on data obtained from Sulaymaniah city᾽s weather station's records from the year 2009 to 2019. The data for the psychological illnesses were obtained from Sulaymaniah Directorate for psychological illnesses from 2009-2019 using SPSS-14. We revealed that weather conditions affect the incidence of these diseases at a rate of (81.3%) Furthermore, the effects were analyzed based on their correlation and the correlation coefficient was determined for each of the weather elements. Temperature is a positive factor that affects depression at a rate of (33.7%). While sun light positively affects schizophrenia at a rate of (15.7%) conversely among the negative factors, raining is the most common factor that affects depression at a rate of (43.5%). In addition, clouds negatively affect schizophrenia at a lower rate which is (21.3%).

**Key Words**: Depression, Schizophrenia, Temperature, Precipitation,SPSS.

## سەرچاوەکان:

حەسەن، ئەفرام محەمەد ، دەروازەیەک بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان و هەندێک لە نەخۆشییەکانی دەمار، بەرگی یەکەم، ناوەندی ڕێنوێن، چاپی چوارەم، ٢٠١٩.

قەرەچەتانی، کەریم شەریف ،سایکۆلۆژیای گشتی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.

قەزاز ، ئازاد، ترس و خەمۆکی لە گرفتەوە بۆ نەخۆشی دەرونی، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.

محمد أمین، هاوڕێ یاسین، ٢٠١٤، لێکۆلینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، ناوەندی غەزەلنوس، سلێمانی، ل٨٥.

ولبەرت، لویس ، خەمۆکی، وەرگێڕان(کەمال فاروق نەسرەدین)، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، ٢٠١٥.

أحمد، شۆخان محمد ، ئاووهەواو پەیوەندی بە هەندێک لە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسەدان (پارێزگای سلێمانی وەک نمونە بۆ لێکۆڵینەوەکە)، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی جوگرافیا،بڵاونەکراوە، ٢٠١٩.

أبو زيد، محمد خير سليم ،2009. التحليل الاحصائي للبيانات باستخدام برمجية ( SPSS (Version 15-16 ، طبعة الاولى، دار جرير للنشر و التوزيع، عمان.

سليمان، أسامة ربيع أمين ،2007. التحليل الاحصائي باستخدام برنامج SPSS ، جامعة المنوفية، طبعة الثانية.

شحادة، نعمان ، 2002. الاساليب الكمية في الجغرافيا باستخدام الحاسوب، الطبعة الثانية، دار صفاء للنشر و التوزيع، عمان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

شحادة، نعمان ،2011. التحليل الاحصائي في الجغرافية و العلوم الاجتماعية، الطبعة الاولى، دار صفاء للنشر و التوزيع، عمان.

شرف، عبدالعزيز طريح ، 1980. مناخ الكويت، مؤسسة الثقافية الجامعية، الاسكندرية.

العتبي، سامي عزيز عباس ، 2012.أياد عاشور الطائي، الاحصاء و النمذجة في الجغرافية، مطبعة أكرم، بغداد.

العمر، مضر خليل ،1989. الاحصاء الجغرافي، مطابع التعليم العالي، جامعة البصرة.

المشهداني ، محمود حسن ،1988. أصول الاحصاء و الطرق الاحصائية، مطبعة الوطن، دارالكتب للطباعة والنشر، الموصل.

Mirzakhani, L. and Poursafa, P., 2014. The association between depression and climatic conditions in the Iran way to preventive of depression. International journal of preventive medicine, 5(8).

Zawahri, M.Z., 2002. Weather and the first episode of schizophrenia. Neurosciences (Riyadh), 7(1),

Pillai, S. and Sen, A.K., 1998. Work and Family: A Psycho-social Study of Dual Career Women. Indian journal of clinical psychology, 25.

Shiloh, R., Shapira, A., Potchter, O., Hermesh, H., Popper, M. and Weizman, A., 2005. Effects of climate on admission rates of schizophrenia patients to psychiatric hospitals. European Psychiatry, 20(1).

Stuart L. Kurlansik, Annamarie O. Ibay, , December,2013 Seasonal Affective Disorder, Indian Journal of clinical practice, vol.24, no.7.

Wilhelm, K., Roy, K., Mitchell, P., Brownhill, S. and Parker, G., 2002. Gender differences in depression risk and coping factors in a clinical sample. Acta Psychiatrica Scandinavica, 106(1).

Wirz-Justice, A., Graw, P., Kräuchi, K., Sarrafzadeh, A., English, J., Arendt, J. and Sand, L., 1996. ‘Natural’light treatment of seasonal affective disorder. Journal of Affective disorders, 37(2-3).

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەرێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری GIS.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ، بەرێوبەرایەتی کەشناسی سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەرێوبەرایەتی کەشناسیی و بومەلەرزەی هەرێم،داتای بڵاونەکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، فەرمانگەی گشتی تەندروستی سلێمانی، سەنتەری چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان، بڵاونەکراوە، ٢٠١٩.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، نەخۆشخانەی سۆزی دەروونی، بڵاونەکراوە، ٢٠١٩.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، نەخۆشخانەی دەروونی شەهید صلاحی مهندس، بڵاونەکراوە، ٢٠١٩.